# پێناسە و جۆرەکان و حوکمی بیدعە

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئیحسان بورهان الدین

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ البدعة تعريفها وأنواعها وحكمها ﴾

« باللغة الكردية »

إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# پێناسە و جۆرەکان و حوکمی بیدعە

**١- پێناسەی لە زمانەوانیدا:**

(البدعة) لە (البدع)ەوە وەرگیراوە، واتە: داهێنان بەبێ نموونەیەکی پێشووتر. لەم واتایەشەوە خوای گەورە دەفەرموێت: {بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ} (البقرة: ١١٧)، واتە: دروستی کردوون بەبێ هەبوونی نموونەیەکی هاوشێوە. خوای گەورە دەفەرموێت: {قُلْ مَا كُنْتُ بِدْعًا مِنَ الرُّسُلِ} (الأحقاف: ٩)، واتە: من یەکەم کەس نیم پەیامی لەلای خواوە بۆ بەندەکان هێنابێت، بەڵکوو زۆر لە پێغەمبەران لەپێش منەوە ڕەوانە کراون.

دەوترێت (أبدع فلان بدعة)، واتە: ڕێگایەکی گرتە بەر کە پێشتر کەس نەیگرتووەتە بەر.

بیدعە دەبێت بە دوو بەشەوە: بیدعە لە عادەت وەکوو داهێنراوە نوێیەکان بۆ سوودی خەڵکی، ئەمەش ڕێگەپێدراوە، چونکە (الأصل في العادات، الإباحة)، واتە: بنچینە لەو جۆرە عادەت و شتانە حەڵاڵبوونە. بیدعەش هەیە لە ئاییندا، ئەمەش حەرامە چونکە (الأصل فيه التوقيف)، واتە: بنچینەی ئەوەیە تێیدا ڕاوەستین و هیچ لەخۆمانەوە دانەهێنین، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد) متفق عليه لە ڕیوایەتێکیشدا هاتووە: (من عمل عملا ليس عليه أمرنا فهو رد) رواه مسلم.

واتە: هەرکێ کارێك بكات فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت، دەدرێتەوە بەسەریدا.

## ٢- جۆرەکانی بیدعە لە ئاییندا:

بیدعە لە ئاییندا دەبێتە دوو جۆرەوە:

جۆری یەکەم: بیدعەیەکی وتەیی لە بیروباوەڕدا پێیدەوترێت (بدعة قولية اعتقادية)، وەکوو وتەی جەهمی و موعتەزیلە و ڕافیزەکان و سەرجەم کۆمەڵە گومڕاکانی تر و بیروباوەڕەکانیان.

جۆری دووەم: بیدعە لە خواپەرستییەکاندا (البدعة في العبادات)، وەکوو خواپەرستن بە چەشنێك کە لە شەرعدا نەهاتووە. ئینجا ئەم جۆرە دەبێتە چەند بەشێکەوە:

بەشی یەکەم: ئەوەی کە لە بنچینەی عیبادەتدایە، ئەوەی کە عیبادەتێك داهێنێت کە هیچ بنچینەیەکی لە شەرعدا نەبێت، بۆ نموونە جۆرە نوێژ و ڕۆژوویەکی بێبنچینەی شەرعی داهێنێت یان جەژنێك داهێنێت وەکوو جەژنی لەدایکبوونی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم).

بەشی دووەم: زیادکردن و خستنەسەر عیبادەتە شەرعییەکان، وەکوو ئەوەی کاتێك بۆ نوێژی نێوەڕۆ یان عەسر زیاد بكات.

بەشی سێهەم: لە چۆنیەتیی ئەنجامدانی عیبادەتە شەرعییەکاندا، بە وەی کە بە شێوەیەکی ناشەرعی ئەنجامی بدات، بۆ نموونە یادکردنی خوا بەکۆمەڵ و بەئاواز و دەنگخۆشکردنەوە یان خۆئازاردان لە عیبادەتدا بە شێوەیەك لە سونەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لادات.

بەشی چوارەم: تەرخانکردنی کاتێکی دیاریکراو بۆ عیبادەتێکی شەرعی، کە شەرع ئەو کاتەی دیاری نەکردووە، وەکوو ڕۆژووگرتن لە ڕۆژی ناوەڕاستی شەعبان و شەونوێژکردن لە شەوەکەیدا، چونکە ڕۆژوو و شەونوێژ لە بنچینەدا کارێکی شەرعییە، بەم تەرخان کردنی کاتی تایبەت بۆ کردنی پێویستی بە بەڵگەیە.

### ٣-حوکمی ئەنجامدانی بیدعە بە هەموو جۆرەکانی:

هەموو کارێکی داهێنراو لە ئاییندا حەرامەو گومراییە، چونکە پێغەمبەر ێلی الله علیه وسلم فەرموویەتی : (وإیاکم ومحدثات الأمور فان کل محدثة بدعة وکل بدعة ضلالة) واتە: خۆتان بە دوور بگرن لە مەسەلە داهێنراوەکان،چونکە هەموو داهێنراوێك بیدعەیە و هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە. یان فەرموویەتی (من عمل عملا لیس علیه أمرنا فهو رد) واتە : هەرکێ لەم ئایینەدا شتێك داهێنێ کە لە خۆی نەبێت ڕەتدەکرێتەوە، ئەم دوو فەرموودەیە بەڵگەن لە سەر ئەوەی هەموو داهێنراوێك لە ئاییندا بیدعەیە، هەموو بیدعەیەکیش

دەدەرێتە سەر خاوەنەکەیدا، واتە بیدعە لە خواپەرستی و بیرو باوەڕدا قەدەغەیە، بەڵام حەرامی بیدعەکان جیاوازن بە پێی جۆری ئەو بیدعەیە، هەندێکیان کوفرێکی راشکاوە، وەکو تەوافکردن بە دوەوری گۆڕدا بۆ نزیکبوونەوە لە مردووەکە و قوربانی کردنی نەزرکردن و پاڕانەوە لێیان و هاوارکردن پێیان ، یان وەکو وتەی توندرەوانی جەهمیە و موعتەزیلەکان ، هەندێ بیدعەش هەیە هۆکارن بۆ شەریك بۆ خوا پڕیاردان ، وەکو درووستکردنی بینا لە سەر گۆڕ و نوێژ کردن و دوعا کردن لە لایدا، هەندێکێش هەیە دەرچوونە لە بیر و باوەڕی راست (فسق اعتقادي) وەکو بیدعەی خەواریج و قەدەری و مورجیئەکان لە گوفتار و بیر و باوەڕیاندا کە ناکۆکە لەگەڵ بەڵگەکانی شەرع، هەندێکێشی تاوانە وەکو واز لە ژنهێنان و رۆژووگرتن بە بەر خۆرەوە و خۆخەساندن بەمەبەستی نەمانی ئارەزووی چوونە لای خێزان.

ئاگاداری:ئەو کەسەی بیدعە دابەش دەکات بۆ چاك و خراپ هەڵەیە و پێچەوانەیە بۆ فەرموودەکەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە فەرموویەتی: (فإن كل بدعة ضلالة) چونکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم حوکمی داوە کە هەموو بیدعەیەك گومڕاییە، ئەو کەسەش دێت و دەڵێت هەموو بیدعەیەك گومرایی نییە، بەڵکو بیدعە هەیە چاکە.

(ابن رجب) لە (شرح الأربعين) دا فەرموویەتی:( فەرموودەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم (كل بدعه ضلالة) یەکێکە لە وتە کۆکەرەوە پڕماناکان ، هیچی تێدا بەدەرنییە، بنچینەیەکی مەزنیشە لە بنچینەکانی ئیسلام، نزیکە لە فەرموودەکەی تر : (من أحدث في أمرنا ما ليس منه فهو رد) هەر کەسێك

داهێنانێك بكات و بیداتە پاڵ دین، بنچینەیەكیشی نەبێت پشتی پێ ببەسترێت ئەوە گومراییە و ئایین لێی بێ بەرییە، ئیتر چی ئەوە لە مەسەلەكانی بیروباوەڕ یان كردەوە و وتەی ئاشكراو پەنهان بێت) بڕوانە: جامع العلوم و الحكم ٢٣٣.

ئەو كەسانەی بەڵگەیەكیان نییە كە گوایە بیدعە چاك و خراپی هەیە، تەنها باسی وتەیەكی عومەری كوڕی خەتتاب دەكەن ڕەزای خوای لێبێت كە فەرموویەتی : (نعمت البدعة هذه) . هەروەها دەڵێن: سەلەف هەندێ شتیان داهێناوە وەكو كۆكردنەوەی قورئان لە یەك كتێبدا و نووسینەوەی فەرموودەكان.

وەڵامیش ئەوەیە ئەو مەسەلانە لە شەرعدا بنچینەیان هەیە و داهێنراونین، (نعمت البدعة هذه) مەبەستی لە بیدعەیە لە ڕووی زمانەوانیەوە نەك شەرعی، چونكە ئەو كارە لە شەرعدا ئەسڵی هەبوو، بیدعەش ئەوەیە كە ئەسڵی شەرعیی نەبێت.

كۆكردنەوەی قورئانیش لە شەرعدا بنچینەی هەیە، چونكە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمانی بە نووسینەوەی قورئان دەكرد، خۆیشی نووسرابوو بە بەش بەشی بەڵام هاوەڵان هاتن و لە یەك پەرتووكدا كۆیانكردەوە.

هەروەها تەراویح، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم چەند شەوێك ئەو نوێژەی بە هاوەڵانی كرد و دوایی دواكەوت لە ئەنجامدانی نەوەك لە سەریان فەرزبێت، هاوەڵانیش جیا جیا لە ژیانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەو نوێژیان هەر دەكرد و لە پاش مردنیشی تاكو عومەر ڕەزای خوای لێبێت

کۆیکردنەوە و لە سە پێشنوێژێك وەکو چۆن پێشتر بە کۆمەڵ لە دوای پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم تەراویحیان دەکرد.

هەروەها نووسینەوەی فەرموودە بە هەمان شێوە ئەسڵی شەرعیی هەیە، چونکە پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم فەرمانی بە نووسینەوەی هەندێك لە فەرموودەکان دەکرد کاتێك کە داوای لێ دەکرا، ئەبو هورەیرەیش رەزای خوای لێبێت لە سەردەمی پێغەمبەردا صلى الله علیه وسلم فەرموودەی دەنووسیەوە، ئەوەش مەترسی لێ دەکرا لەو سەردەمە ئەوە بوو لەگەڵ قورئاندا تێکەڵ نەبێت، جا کاتێك پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم لە دونیا دەرچوو ئەو مەترسیە نەما، چونکە دابەزینی قورئان کۆتایی پێ هات، بۆیە موسڵمانان پاش ئەوە فەرموودەیان کۆکردەوە نەوەك لەناو بچێت، خوای گەورە پاداشتی ئەوان بداتەوە بە چاکە چونکە قورئان و سوننەتیان پاراست.